لەبەر ڕۆشنایی لێدوانی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان



عەبدوڵڵا خالید

لەگەڵ گرژبوونی سیاسەتی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتیو ریزبەندی تازەدا لەناوچەی هەرێمایەتیدا، بارودۆخی نێوخۆیی عێراقیش زیاتر تەمو مژاوی تر دەبێو لێرەشەوەیە کە لەئاستی نێودەوڵەتیدا لەراپۆرتەکەدا ئاماژە بەو ریزبەندییە نوێیە دەکات کە لەناوچەکەدان بەتایبەتی ئەوەی کە لەرووخساردا بە (بەرەی میانڕەو)و (بەرەی توندڕەو) دەژمێردرێت. ململانێی تایفیو مەزهەبی هەوێنی ئەو ریزبەندییە نوێیەن لەتەك ڕەهەندی دەرەکی لەدەستێوەردان، لێرەدا هەوڵدەدەین کە لەچەند ئاستێکدا تاوڕ لەسیاسەتی نێودەوڵەتیو کاریگەرییەکانی بۆسەر بارودۆخی عێراق بدەینەوە.

ناکۆکییەکانی ئەورپاو ئەمریکا

لەسەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆکە، ئەمریکا نەیتوانیوە ئەورووپاییەکان تەیار بکات لەبارەی سیاسەتەکانەکەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو عێراقدا، هەموو هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەدا ڕووبەڕووی شکست بۆتەوە، هەرچەندە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی وڵاتانی ئەورووپا ریزبەندی نوێیی لێ پەیدابوو، لە ئیتاڵیا چەپەکان سەرکەوتنو پاشکەشەیان بە (برلسکۆنی) هاوپەیمانی "بۆش" هێنا، بەڵام لەئەڵمانیا پێچەوانەکەی ڕوویدا کە نەیارانی سیاسەتەکانی ئەمریکا پاشەکشەیان کردو، "ئەنجێلا میێرکل" و حزبەکەی زۆرینەیان بەدەستهێنا، کە میانڕەوانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن، لەوەتەی هاتنە سەر دەسەڵاتیان، پەیوەندییەکانی نێوان (ئەڵمانیا ، فەڕەنسا، ئیسپانیا) سارد بۆتەوە!.

لەبەرامبەریشدا هاوهەڵوێستی سیاسەتەکانی"میێرکل" و دۆستو هاوڕێی لەریزی پێشەوەی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی فەڕەنسایە بەپێی ڕاپرسییەکان، کە بڕیارە لەنیسانی داهاتوودا ئەنجام بدرێت. بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان دۆستایەتییەکی پتەوو هاوهەڵوێستیش هەیە لەنێوان "ئەنجێلا میێرکل"و "سارکۆزی" پاڵێوراوی سەرۆکایەتی فەڕەنسا. لەحاڵەتی دەرچوونی "سارکۆزی"دا ، کۆتایی بە (ئەورووپا)ی کۆن دێت، یان لاواز دەبێت! لەبەرامبەریشدا ئەورووپای نوێ بەسەرۆکایەتی بەریتانیا بەهێزتر دەبێ، بەتایبەتی وێڕای ئەوەی کە بەریتانییەکان لەگەڵ "بلێر" دا نین، بەڵام حزبەکەی (پارتی کرێکاران) هەر لەریزی پێشەوەیە بەپێی ڕاپرسییە بڵاوکراوەکان. ناکۆکییەکانی نێوان ئەورووپاو ئەمریکا، تەنها لەئاستی عێراقدا ڕاناوەستێت، بەڵکو دیدی جیازاوو بۆچوونی جیا لەبارەی پرسەکانی ئێران و چەکی ئەتۆمیو دۆسیەی سوریاو لوبنانو، فەڵەستینو حەماسو..هتد، هەیەو ئاسۆی لێکتێگەیشتن روون نییە!.

ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکەم: نەیارانی ئەمریکا

ئێستا ململانێی نێوان ((ئەمریکاو قاعیدە)) روو لە لاوازییەو دوژمنەکانی ئەمریکا زیاتر بوون! بەپێی ئەو ڕاپرسیانەی کە لەبارەی پەسندکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوڵاتە جیاجیاکاندا ئەنجام دراون، زۆرینەی خەڵکی ئەمریکاو ئەورووپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو سیاسەتانە ڕەتدەکەنەوە.

ئەگەر قاعیدەو مەترسیەکانی کوریای باکوور وەلابنێین، تاوڕێك لەنەیارەکانی دیکەی ئەمریکا بدەینەوە، پێش هەموو وڵاتێك و گروپێك ئێرانو سوریا دێن. بەڵام ئاخۆ گرفتەکە لە کوێدایە؟

بەپێی دوا لێدوانی ((بەشار ئەسەد) سەرۆکی سوریا، وڵاتەکەی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ لەچارەکردنی گرفتەکانی ئێراق، بەڵام تاکە یاریزان نییەاچ لەبەرامبەریشدا وێڕای ئەوەی کە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی عێراقو سوریا وەگەڕخرایەوەو سەرۆك تاڵەبانی سەردانی ئەو وڵاتەی کردو، وەزیری دەرەوەی سوریا سەردانی عێراقی کرد، بەڵام پاشان لەلایەن وتەبێژی حکومەتی عێراقەوە بەئاژاوەگێڕ لەقەڵمدرا- ئاخۆ هیچ گرفتێکی سوننە شیعە لەبارەی عێراقەوە لەنێوان ئێرانو سوریادا هەیە؟، بەو واتایەی کە سوریا پشتگیری تیرۆرستان دەکات لەکوشتنی شیعەکانی عێراق، لەکاتەیکدا شیعەکان لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێن؟

سوریا لەوەتەی پاشەکشەکردنی لەلوبنان، لە پاشەشکەکردنداید لەئاستی دیالۆگەکان، ئەگەرچی لەواقیعدا دەستی کارای لە عێراقو لوبنانو فەڵەستیندا هەیە. لەبەرامبەردا ئێران زۆرتر کاراباوەو ئێستا ڕۆڵی هەڕەشەو دڵنەواییش دەگێڕێت!.

وتەکانی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران "عەلی خامەنەیی" بەوەی کە ئەگەر ئێران بکەوێتە بەر هێرشی ئەمریکا، لەهەموو شوێنێك لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدات، ڕاستیی ئەو هەڕەشەیە دەخاتە ڕوو، کە ڕەوتێکی لەپاڵ ئەمریکادا دروستکردووە.

پەیوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکا لەبەرەی ئەفغانستاندا کۆکەو ئێران لەو بوارەدا خزمەتی زۆری بە ئەمریکا کرد، لەسەرەتاشەوە هەمان شت ڕوویدا لە عێراقدا. بەڵام دۆخەکە ئێستا چۆنە؟

لەتەك هەڕەشەی ئەتۆمی کە ئێران دەیکات‌و، ئەوەشی لەئایندەدا ئێران دەکاتە مەترسییەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکەو ئیسرائیلو دۆستە خەلیجیو عەرەبییەکانی دیکەی لەناوچەکەدا. ئەوە پشتگیریکردنی ئێران لە (حزبوڵڵای لوبنانی)و حزبە شیعەکانی دیکەی عێراق‌و بەحرێنو کوێت‌و عومان‌و سعودیە، ئێستا لەڕووی شیعەگەراییەوە ئێران پەلی زیاتری هاویشتووە بۆ ئەفغانستان‌و پاکستان‌و بۆسناو تورکیاو سوریاو ئوردن‌و میسرو سودان‌و فلیپین‌وئەندۆنیسیاوزۆرێك لەوڵاتانی ئەفریقیا لەوانە (غانا)و تەنانەت لەوڵاتی (جزرالقمر) سەرۆکی وڵات کەسێکە شیعە دەرچوو. وێڕای هەموو ئەو شیعانەی لوبنانیو عێراقیو ئێرانی‌و..هتد- کە بەوڵاتاندا پەرتەوازەبوون‌و، ئێستا لەنێو ئەمریکادا دەیان حوسێنییەی شیعە هەیە..هتد.

شیعەکانی لوبنان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی (حزبوڵڵاو ئەمەلە)وە لەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدەن، بزووتنەوەی حەماس کە ئێرانییەکان پشتگیرییان دەکەن لەبەرژەوەندییەکان‌و سیاسەتەکانی ئەمریکا دەدەن: زۆرێك لە شیعەکانی عێراق شیعەکانی ئەو وڵاتانە. لەتەك ئێرانیشدا لەوەتەی کە خەریکن لەو سەنگەرەدا خۆیان دەگرنەوە. تەنانەت لە سعودیە تەقینەوەکانی ساڵەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دژ بە ئەمریکایەیکان خرایە ئەستۆی شیعەکانی عێراقی گەیشتوونەتە دەسەڵات، کەمینە شیعەکانی عەرەب لەوڵاتەکانی (کوێت‌و سعودیەو عومان‌و بەحرێن‌و میسرو سودان) زیاتر گەشەیان کردووەو لەبزواتندان‌و، تەنانەت شیعەکانی بەحرێن لەدوایین هەڵبژاردندا، دەنگێکی زۆریان بەدەستهێناو ئێستا لەنێو پەرلەمانی ئەو وڵاتەدان، ئێستا مەترسییەکانی ئێران بۆسەر ئەمریکاو دۆستەکانی‌و بگرە هەموو جیهان، تەنها چەکی ئەتۆمی نییە، بەڵکو پەلهاویشتنێتی لەڕێگەی شیعەگەراییەوە بۆ هەموو دونیا!.

لەئاستی شیعەگەراییەوە، ئێران بەهۆی ئیسرائیلەوە چەندین پاڵەوانی دروستکردو، دواجار خۆی لەپشتیانەوەیە، یەکەمیان حزبوڵڵا کە لەڕێگەی هاوکارییەکانیەوە کردییە پاڵەوانی شەڕەکانی دژ بە ئیسرائیل، چونکە لەڕووی سەربازییەوە ئەو شەڕانەی کە ئەوان کردیان لەمێژووی عەرەبدا نییەو، ئەوەش حزبوڵڵای لە لوبنان کردە دەوڵەتێك لەنێو دەوڵەتدا! بەهەمان شێوەش (بزووتنەوەی حەماس) بەهۆی هاوکارییەکانی ئێرانەوە پێ گەیشت‌و دواجار بووە خاوەن دەسەڵات. لە عێراقیشدا خەریکە بە هاوکاری ئێران پاڵەوانی دیکەی شیعەو ئێرانی دروست دەبێ. لەم هاوکێشەیەدا بەرەیەك لەنێو عەرەبدا پەیدابووە کە لەوکاتەی بەدۆستی ئەمریکا ناسراون، ئەوە پشت لەململانێییەکانیان دەکەن لەگەڵ ئیسرائیل، چونکە دەزانن لەململانێیاندا لەگەڵ ئیسرائیل- ئێران‌و سوریا پاڵەوان دەبن‌و داوردەستەکانیان گەشە دەکەن، بۆیە لەو نێوەندەدا هەستی مەزهەبی‌و تایفیان کۆیان دەکاتەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی پشکی ئاگر دەگاتە نێو ماڵەکانیان!.

دیارە لەتەك ئێران‌و سوریادا کە وێڕای گەمەکردن‌و شەڕکردنیان دژ بە ئەمریکاو بەرژەوەندییەکانیان، تورکیاش لەهەندێك مەسەلەدا دەچێتەوە ئەو خانەیەوە. بەتایبەتی لەڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا ڕێگەی بەهێزەکانی ئەمریکانەدا لەوڵاتەکەیەوە بچنە ژوورەوە، وێڕای ئاژاوەنانەوە لەڕێگەی هاوکاریکردنی چەند باڵێکی دیاری کراو، بەتایبەتی لەناوچە کوردستانییەکاندا بەدیاریکراوی لەشاری کەرکوك‌و ناحیەو قەزاکانیدا. لەتەك ئەوانەش کۆڕو کۆبوونەوە بۆ نەیارانی عێراقی نوێ ڕێکدەخاو پارەو پوولیان پێ دەبەخشێت.

دواجار کە زانی ئەم ڕێگایە دادی نادات، سەر لەنوێ کەوتەوە پەیوەندیکردن بە ئەمریکا، ئەوەتا لەماوەیەکی کورتدا چەندین شاندی ئەو وڵاتە سەردانی ئەمریکا بکات‌و لەگەڵ گەورە بەرپرسان کۆبێتەوە چ بۆ ڕێگەگرتن لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) چ بۆئەوەی حزبەکەی (ئەردۆگان) بەدەنگەدرانی وڵاتەکەی بڵێت پەیوەندیمان باشە لەگەڵ ئەمریکاو سوپاو ژەنەڕاڵ ڕازی بکەن، چونکە (ئەردۆگان) بۆ سەرۆکی وڵات خۆی پاڵاوتووە.

دووەم: دۆستەکانی ئەمریکا

تەنانەت ئەوانەی کە بەنەیارانی ئەمریکا پۆلینەدکرێن لەناوچەکەدا، ژێراو ژێرو کەرت کەرت پەیوندییان هەیە. بەڵام لەماوەی ڕابردوودا جۆرێك لەریزبەندی تازەو چالاکی نوێ پەیدابوو، بەتایبەتی کە شێوەیەك لەچالاکی ئەوەی پێی دەڵێن (میانڕەو) پەیدابوو، لەنێوان وڵاتەکەکانی میسرو ئوردن‌و سعودییە. ئەوانە بە دۆستی دێرینی ئەمریکاش دەناسرێن. بەڵام ئەوەی جێی پرسیار بوو دەرکەوتنی بەرچاوی سعودیە بوو، کە زۆرێك لەو کارانە ئەو سەرکردایەتی دەکات.

بێگومان لەڕابردوودا پەیوەندییەکانی سعودیەو ئەمریکا گەلێك ئاڵۆزی تێکەوتووە، بەڵام ئەمجارەیان سعودیە تەواوی سیاسەتەکانی ئەمریکا جێبەجێدەکات.

سعودیە لەڕابردوودا هەموو لایەنەکانی لوبنانی کۆکردەوەو، ڕێکەوتنێك مۆرکرا کە بە (ڕێکەوتنی تایف) ناودەبرێ. ئەمڕۆ ئەو ڕێککەوتنە لەژێر هەڕەشەدایەو، لەوڵاشەوە هەڕەشەکانی حزبوڵڵاو ئەمەل بۆ سەر لایەنگرانی حەریری (سوننە مەزهەب)ن زیاتر سعودیە نا ئارام دەکات‌و وێڕای هەموو ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییەی سعودیە کە لە وڵاتدا هەیەتی. لەتەك ئەوەشدا سعودیە وەکو وڵاتێکی سوننە مەزهەب، جارێکی دیکە هەستی بەمەترسی کرد کاتێك شیعەکانی عێراق لەگەڵ سوننەکاندا کەوتوونەتە وێزەی یەکترو ئێران دەستی لەوێدا هەیە، بۆیە لایەنە عێراقییەکانی لە (مەکە) کۆکردەوەو ڕێککەوتنی (مەکە)ی پی مۆرکردن، هەرچەند لەئەرزی واقیعدا هیچ کاریگەرییەکی نییە. لەتەك ئەوانەشدا سعودیە هەستی بەوە کرد کە ئێران لەڕێگەی فەڵەستینەوە دەبێتە پاڵەوان دوای ئەوەی حەماسی گەیاندە دەسەڵات، ئەمجارەیان دەیەوێت (فەتح) بەڕێگەی چەك لاوازتر بکات، بێگومان لەپشت ئەوەشەوە دەیان پەیام هەیە. بۆیە سعودیە ئەمجارەشیان سێلایەنە فەڵەستینییەکانی کۆکردەوەو ڕێکەوتنی مەکەی پێ مۆرکردن. لەتەك هەموو ئەوانەشدا سعودیە هەستی بەمەترسی وروژاندنی شیعەکانی وڵاتەکەی کرد لەلایەن ئێرانەوە، لەوڵاشەوە مەترسی چەکی ئەتۆمی‌و زلهێزی ئێران لەناوچەکەدایە، بۆیە وەکو وڵاتانی خەلیج بەئاساییانزانی ببنە خاوەن چەکی ئەتۆمی‌و، میسریش هەمان ئەو بۆچوونەی هەیەو هەنگاو بەرەو چەکی ئەتۆمی دەنێن، لەوڵاشەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو وڵاتانەو ئەمریکا دەستیان لەو بزوتنەوەو یاخیبوونە عەربیانە هەبێ کە لەناوچەی (ئەهواز)ی ئێراندا هەن. بێگومان دواجار تێکڕای ئەو وڵاتانە (میسر، ئوردن، سعودیە) دوژمنایەتی دێرینیان لەگەڵ ئێراندا هەیەو، لەشەڕی سەدامیشدا لەگەڵ ئێراندا، ئەوان‌و زۆری دیکە هاوکاری سەدامیان کرد. بەپێی هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان وێڕای لەباربوونی زەمینە، بەڵام شەڕی ناوخۆیی لەوڵاتەکانی لوبنان‌وعێراق بەئاگاداری ئەمریکا بەفیتی هەردوو بەرکە دەکرێت (سعودیەو میسرو ئوردن) لەلایەك‌و (سوریاو ئێران)یش لەلایەکی دیکە، باشترین بەڵگەش ڕاوەستانی (خۆپیشاندانی دوکەڵ) لەلوبنان بەپێی ڕێکەوتنی نێوان (ئێران‌و سعودیە) بووا!.

بێگومان لەعێراقیشدا لایەنگرانی هەردوولا بوونیان هەیەو ڕۆژانە خوێنی یەکدی دەڕێژن چ شیعە بن یان سوننە. بەپێی هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان شوێن‌و چوارچێوەیەك کە (سعودیی‌و سوریایی‌و ئوردن‌و میسری‌و..هتد). کۆبکاتەوە ڕێکخراوی تیرۆرستی قاعیدەیە کە لەشیعەو سوننی عێراق دەکوژێت‌و، بۆی هەیە هەردوو بەرەکەش پشتگیری بکەن لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا.

باڵەکانی ئەمریکاو سیاسەتی نێودەوڵەتی

بەپێی دەستوری ئەمریکا، سەرۆکی وڵات سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بڕیار دەدات، لێرەوە هیچ گرنگییەك بۆ باڵادەستی دیموکراتییەکان ناهێڵێتەوە لەکۆنگرێسدا. بەتایبەتی لەکاتێکدا کە زۆرینەی کەمیان هەیە(٤٩) بە (٥١)، تەنانەت ئەویەکەش بەناوی سەربەخۆ خۆی پاڵاوتووەو، ڕایگەیاندووە کە بۆ دیموکراتەکان دەنگدەدەن!

لەبارەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، بەتایبەت لەبارەی عێراقەوە لەچەند ڕۆژی ڕابردوو دا نەیارانی بۆش لەکۆنگرێسدا نەیانتوانی بڕیارێکی ناپەیوەست دەربکەن. ئەمەش شکستە کە باڵی دیموکراتەکان‌و نەیارەکانی بۆش ڕوبەڕووی بوونەوە. بۆیە چارەڕێ ناکرێت هیچ ئاڵۆگۆڕێکی تازە لەبارەی عێراقەوە دەربچێت لەئەمریکاوە.

بەتایبەت کە (بۆش) بەپێی ستراتیژە نوێیەکە، داواکانی (بیکەر- هاملتۆن) ی ڕەتکردەوە کە ڕووەو بەرەی (سوریا، ئێران) بڕواو دیالۆگیان لەگەڵدا بکات. تەنانەت بەپێچەوانەوە هەنگاوی ناو لەیەکەم کاریدا ڕۆژی پاش ڕاگەیاندنی پلانەکەی لەشاری (هەولێر) لەخانوویەکدا چەندین ئێرانی دەستگیر کردو، بەئاشکراش ڕایگەیاندووە فشار دەخاتە سەر ئێران‌و سوریا، هەرچەندە ئێستا لەبارەی ئاوارە عێراقییەکانەوە دیالۆگ هەیە لەنێوان سوریاو ئەمریکادا.

بەپێی لێکدانەوەی چاودێرانی سیاسی بارودۆخی عێراق، بۆش‌و ئەمریکا زیاتر لەسوننەکانی عێراق نزیك دەبنەوە بەهۆی مەیلی دۆستایەتی لەگەڵ سوننە عەرەبەکانی سعودیەو لوبنان‌و ئوردن‌و میسرو..هتد، بۆ فشار خستنە سەر ئێران‌و سوریا، (بۆش) بۆی هەیە پاڵپشتی دیموکراتەکان بەدەستبهێنێت، چونکە لەڕووی مێژوورییەوە دیموکراتیەکان بەوە ناسراون کە ئیحتیوای بارودۆخی عێراق لەڕێگای ئیحتیواکردنی سوریاو ئێران‌و بەگەڕخستنی گفتوگۆکانی نێوان عەرەب - ئیسرائیل، دەکەن. لەواقیعیشدا ئێستا ئەم سیاسەتە بەکاردەهێنرێت. لەو نێوەندەشدا چەندین هەوڵ لەئارادیە بۆ تێوەگلانی کورد بەو بارودۆخەوە، لەنێویاندا داخوازی هەندێك زانای سوننەی عەرەب کە کورد نێوبژیوانی سوننەو شیعە بکات، لەولاشەوەی ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگە، تەنانەت پێزۆکەی هێنانی فەڵەستینییە ئاوارەکان بۆ کوردستان‌و..هتد. دیارە پەیوەندی بەهێزی کوردیش لەگەڵ ئەمریکاییەکانیش دەرگایەکە بۆ ئەو داویانە. بەڵام دەبێ کورد زۆر بەژیرانەوە مامەڵە لەتەك ئەو دۆخەدا بکات.

عێراق پێشانگایەکی هاوبەش!

بەرپرسە عێراقییەکان لەگەڵیێك بۆنەدا ڕایدەگەیەنن کە (دەخوازین هیچ وڵاتو لایەنێك لە عێراقدا حساباتی خۆیان یەکلا نەکەنەوە). ئەوە لەکاتێکدایە کە سیاسەتەکانی عێراق ئەمڕۆ خۆیان پەیڕەوی ئەو شەڕە دەکەن‌و بەشێکن لەشەڕەکە، یان بڵێین جەنگاوەرێکی دڵسۆزن، ئەو جەنگە مەزهەبییە ناپەیژەن کە لەڕێگەیەوە ڕۆژانە سەدان کەس دەکوژرێن.

ئەمڕۆ لە عێراقدا دەیان جەنگ ئەنجام دەدرێن ((جەنگی عێراقی نوێ لەگەڵ کۆنە بەعسییەکان)و (جەنگی دژە تیرۆر)و (جەنگی تایفی‌و مەزهەبی سوننەو شیعە) و (جەنگی سوپای جۆراو جۆر، جەنگی ئەم حزب دژی ئەوی دیکە)و (جەنگی نەوەیی)و (جەنگ دژ بە داگیرکاری)و (جەنگ دژ بە دەستێوەردانی دەرەکی)و (جەنگ و جەنگو جەنگو...هتد).

> **"*پەیوەندییەکانی ئێران‌و ئەمریکا لەبەرەی ئەفغانستاندا کۆکەو ئێران لەو بوارەدا خزمەتی زۆری بە ئەمریکا کرد، لەسەرەتاشەوە هەمان شت ڕوویدا لە عێراقدا.**
>
> *** بۆش‌و ئەمریکا زیاتر لەسوننەکانی عێراق نزیك دەبنەوە بەهۆی مەیلی دۆستایەتی لەگەڵ سوننە عەرەبەکانی سعودیەو لوبنان‌و ئوردن‌و میسر"**

پیاوە نەخۆشەکە.. لەچاوەڕانی گۆدۆدا!

ئەمڕۆ لەهەر کاتێکی دیکە عێراق تەواو لەپیاوێکی نەخۆش دەچێ کە هەندێ ستەمی کردووەو جێی بەزەیش نیە، ستەمدیدەکانی شتێکی دیکە دەخوازن کە تەواو جیاوازبێت لە هۆڵی پێشانگای شەڕ. خەڵکی ئەم وڵاتە کە بەزۆر دامەزرێندراوەو هیچ ئینتیمایەکی بۆ نیە. کورد ئینتیمای بۆ نیە، چونکە زۆرەملێیانە خراوەتە سەری، شیعە ئینتیمای بۆ نیە، چونکە زۆڵمی تێدا دیوەو ئەمڕۆ دەیەوێت ئینتیمای شیعەگەرایی خۆی بەهێز بکات، سوننە ئینتیمای بۆ عێراق نییە ئەگەر خۆی خاکی نەبێت. تورکمان ئینتمای بۆ نییەو کلدو ئاشوریش بەهەمان شێوە، چونکە ڕەنگدانەوەی ئەوانی پێوە نیە.

وڵاتانی دەوروبەریش هەندەی دیکە دۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە، ئێران عێراقی شیعەی دەوێت، نابێت! سعودیەو ئوردن، عێراقی سوننەیان دەوێت، نابێت! تورکیا عێراقی تورکمانی دەوێت، نابێت! ئەمریکاش پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوێت، نابێت! سوریا عێراقی عەرەبی دەوێت نابێت!

ئاسۆی لێکگەیشتن نە لەعێراق و نە لەوڵاتانی دەوروبەری نەماوە، ئاڕاستەی ڕوداوەکان بەئاقاری جەنگێکی دیکەن لەئاستی هەرێمایەتیدا بۆ یەکلاکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە! لەچاوەڕوانی گۆدۆشدا، عێراق لێکدەترازێ‌و ناوچەکە ڕەنگێکی

فەرهەنگی ڕێگا

جینۆساید

(کۆمەڵکوژی) Genocide :

زاراوەی جینۆساید لەوشەی (Genos)ی یۆنانی، کە بەواتای ڕەگەزو نەژادەو، وشەی لاتینی (Caedere) کە بەواتای کوشتن دێت، پێکهاتووە، هەردوو وشە بەیەکەوە واتای کۆمەڵکوژی دەبەخشن. جینۆساید بەو قەڵاچۆکردنە دەگوترێت کە لەلایەن گرووپێکەوە، بەمەبەستی لەناوبردنی گروپ یا کەمینەیەکی نەتەوەیی یان نەژادی‌و ئایینی، ئەنجام دەدرێت. لەسەدەکانی ڕابردوودا ئەم تەرزە ڕەفتارە بەشێوەیەکی ترسناك بەڕێوە دەچوو ژمارەیەکی زۆری خەڵك بەهۆی بیروباوەڕی ئایینی ئایینی، سیاسی یان کۆمەڵایەتی قەڵاچۆ دەکران.

بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتییەو ئەو وڵاتەی کە ڕێککەوتننامەکانیان واژۆ کردووە دەبێ پێش لەهەر جۆرە ئازارو قەڵاچۆکردنێکی کەمینە نەتەوەیی‌و ئایینییەکان بکرن‌و ئەنجامدەرانی سزا بدەن.

پاش جەنگی دووەمی جیهان ئەم تاوانە درایە پاڵ سەرانی ئەڵمانیای نازی‌و بە جینۆسایدی جووەکان تاوانبار کران‌و بەتوندیش سزادران.

لەسەدەی ڕابردووشدا ئەم جۆرە تاوانە لەلایەن سربەکانەوە دەرحەق بە موسڵمانەکانی بۆسنیا ئەنجامدراو لەکوردستانیش لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی سەدامەوە دەرحەق بە گەلی کورد ئەنجامدراو لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا (١٨٢) هەزار کەس بێ سەرو شوێن کران کەچی کۆمەڵکای نێودەوڵەتی کاردانەوەیەکی شایستەی بەرامبەر بەو تاوانە کۆمەڵکوژییانە نەبوو.

***بەسوود وەرگرتن لە فەرهەنگی ڕامیاری (نیکا) ئامادەکراوە کە لە ئامادەکردن‌و وەرگێڕانی (ئازاد وەڵەدبەگی)یە.**